www.kurdistannet.org
31-7-2007 0:12 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**چیرۆکی خۆشەویستییەکی یەکلایەنە ... شیرین پشدەری**

لە ناو مرۆڤەکاندا کەسانێک هەنە کە کاتێ هەستی خۆشەویستی بەر دەرگای چاو و دڵیان پێ دەگرێت، ناتوانن لە بیر و هۆشیان کەڵک وەربگرن و تەنیا لە رووی سۆزەوە بیر دەکەنەوە. بۆیەش پاش ماوەیەک دەبینن کەوتوونە تە هەڵەوە کە لەوانەیە لێدەر باز بوونی بە زە حمەت بێت و یان هەر لێدەر باز بوونی نەبێت.

بۆ نموونە من هاورێیەکم هەبوو بە ناوی زیبا-ق لە نەغەدە لە ئێران. زیبا کچە لاوێکی جوانکیلە بوو کە لە تەمەنی منداڵی دا دایکی نەمابوو و بە بێ دایکی گەورە بوو بوو زیبا هەم کابانی ماڵ بوو و دە بووایە خزمەت بە باوک و براکانی بکات و خۆی تاقە کچ بوو لە ماڵی خۆیان چونکە خوشکی نەبوون و هەروەها زیبا قوتابی بوو و لەدواناوەندی دەیخوێند.

زیبا لە بنەماڵەیەکی دەست کورت و کەم دەرامەت بوو باوکی زیبا کرێکاری دە کرد بۆ بژێویی ژیانی ماڵ ومنداڵی خۆی. زیبا لە دڵپاکیی خۆی باوەڕی کرد بە درۆ و دەلەسەکانی کوڕێک بە ناوی رێبین -ب. رێبین کوڕە سەرمایە دار بوو و هەر گیز خۆی و بنەماڵەکەی خۆیانی نەدەهێنایە رێزی بنەماڵەیەکی فەقیرو هەژار. بەڵام چ دەکرێت مرۆڤ وایە هەندێ جار دەبێت سوزو خۆشەویستی دەبێت بە هۆی ئەوە کە مرۆڤ نەتوانێت باش بیر بکاتەوە و تووشی هە ڵە دەبێت. خاتو زیباش یەکێکە لەو کەسانە کە بوو بە قوربانیی فێڵ بازیی مرۆڤێکی بە ناو مرۆڤ وبە ناوەڕۆک گورگ.

پاش ماوەیەک رێبین وەکو زۆر لە کوڕە کوردەکانیتر خۆی هەڵدەکێشا کە توانیویەتی لە هەست و سۆزی کچێکی بەسەزمان کەڵک وەربگرێت و ژیانی لێ بکات بە دۆزەخ.

رێبیین و رێبینەکانی تر بە لایانەوە ئازایی یە کە بتوانن بە هەست وسوزی مروڤێکی لە خۆیان لاوازتر یاری بکەن. ئاخر هەر بۆیە ئێمەی کورد رزگارمان نابێت لە دەست هز و بۆچوونی هەڵە پێمان وایە کە یەکێک لە خۆمان کووشت یان ژیانمان پێ تاڵکرد وا دەزانین بە سەر دوژمنەکانمان کە عەرەب یان تورک و یان فارسن سەر کەوتین. بەڵام لە ئاست دوژمنەکانمان زۆر لاوازین. ئینجا زیبا لە دواییدا کە بۆی دەرکەوت کە رێبین تەنیا مەبەستی رابواردنی هەبووە و لای کەسوکاری لێی قبوڵ ناکرێت و لە لایەکی ترەوە بە هۆی هەست و سۆزی ناسکانەی ژنانەی خۆی نەیدەتوانی خۆی لەو خۆشەویستییە رزگار بکات یان بڵێین باوەری نەدەکرد کە خۆشەویستییەکەی یەکلایەنانەیە. بۆیە هەستا بۆ خۆی بۆی چوو بۆ ماڵیان و داوای لێکردن کە بە هاوسەری خۆی قەبوڵی بکات ووتی ناوێرم برۆمەوە لای باوک و براکانم. بەڵام رێبین و ماڵیان دەریان کردو وتیان تۆ کچە فەقیریت و لەگەڵ ئێمە کە دەوڵەمەندین و ناوبانگمان هەیە ناگونجێت.

بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە حکومەت پێیزانی و حکومەت بە زۆری رێبینیان ناچار کرد مارەی بکات بە هاوسەری قبوڵی بکات. زیبا ماوەی دوو ساڵ لای رێبین بوو و بۆ ئەوەی منداڵی لێیهەبێت و رایبگرێت کوڕێکی لێ پەیدا بوو بەڵام ئەویش هەر نەبوو بە هۆی ئەوە زیبا بتوانێت خۆشەویستییە یەک لایەنەکەی بپارێزێت.

لە ماوەی ئەو دووساڵەی کە زیبا لای رێبین بوو بە سەدان جار لە لایەن رێبین و دایک و خوشکی لێی دەدراو وەدەرێ دەنرا و هەموو جارێک زیبا پەنای دەبردە بەر خەڵک رێگای پێ بدەنەوە زیبا هەر چی کە زانیبووایە باشە دەیکرد بەس بو ئەوەی بیەوێت. بەڵام هیچ شتێک نە بوو بە هۆی ئەوە کە رێبین زیبای خوش بووێت و رایبگرێت و لە کوتاییدا دوای دو ساڵ جارێکی تر بە شەق و پێلاقە دەریانکرد و بۆ هەمیشە لێی جیا بووەوە و هاوسەرێکی لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند هێنا و زیبا تا چەند ساڵێک شووی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەدەکرد بە هیوای ئەوە بوو کە بەڵکو رۆژێک لە رۆژان رێبین پەشیمان بێتەوە و بیر لە قسەکانی کە لە سەرەتای خوشەویستییاندا گوێی لە رێبین ببوو بە جێی بهێنێت.

holland
31-7-2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.